IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

**Journal Of Language Studies**

Contents available at: http://jls.tu..edu.iq

# The Psychological Dimension in the Poems Sheikh Nuri Sheikh Salih

**Asst. Inst. Izzu-Din Sabir Mohammad***

**Asst. Inst. Peston Adi Ali**

**Kirkuk University**

Hyousif@tu.edu.iq

**Keywords:**

-psychological dimension

-poetry

-Sheikh Nuri

**Article Info**

**Article history:**

-Received :12/2/2019

-Accepted :15/3/2019

Available online :30/6/2019

**Abstract**: This paper attempts to explore te psychogical dimension in the poems of Sheikh Nuri Sheikh Salleh. The paper consists of an introduction, two chapters and a conclusion. The first part deals with concepts and terms of psychology. The second part deals with the relationship of poetry to psychology. The third part deals with history of the psychological dimension. The fourth and final part talks about Freud's analytical theory.The second chapter deals with the foundations of psychological analysis in the notice of ( Sheikh Nuri Sheikh Salleh) in theory and practice based on several psychological concepts like (Optimism, Pessimism , Alienation , Depression , Fear , Narcissism and death). In conclusion, the main findings of the research were presented

* **Corresponding Author**: Asst. Inst. Izzu-Din Sabir Mohammad - **E-Mail:**Hyousif@tu.edu.iq. **Tel :**009647701715071 ، **Affiliation :** kirkukUniversity, –Iraq.

# البعد النفسي في اشعار الشيخ نوري الشيخ صالح

م. عز الدين صابر محمد

م. بيستون عادل علي

جامعة كركوك

| الكلمات المفتاحية : | |
| --- | --- |
| البعد النفسي<br>الشعر<br>الشيخ نوري<br><br>معلومات البحث<br><br>تاريخ البحث :<br><br>الاستلام : 2019/2/12<br>القبول : 2019/3/15<br>التوفر على الانترنت : 30/6/2019 | الخلاصة: أن البحث الموسوم ((البعد النفسي في أشعار الشاعر شيخ نوري شيخ صالح)) يتكون من المقدمة وفـــصلين والخاتمة والنتائج وقائمة بالمصادر والمراجع والملخص باللغتين العربية والانكليزية .<br>يتكون الفصل الاول من أربعة مباحث : يتناول المبحث الاول مفهوم ومصطلح علم النفس ، أما المبحث الثاني يتناول علاقة علم النفس بالشعر،وفي المبحث الثالث تكلمنا عن تاريخ البعد النفسي، اما في المبحث الرابع والاخير فقد تكلمنا عن النظرية التحليلة لفرويد.<br>أما الفصل الثاني فقد تناول أسس التحليل النفسي في ( أشعار الشيخ نوري شيخ صالح ) بشكل نظري وتطبيقي أستناداً الى مفاهيم نفسية عدة ك(التفاؤل ، التشاؤم ، الاغتراب ، الكآبة ،خوف ،النرجسية والموت ) . وفي الخاتمة تم عرض أهم النتائج التي توصل البحث إليها.كما وتم ترتيب قائمة المصادر والمراجع وعرض الملخص باللغتين العربية والانكليزية. |

## پێشەکی

دیارە ڕەهەندی دەروونی ڕۆڵێکی گرنگی لە نێو ئەدەب دا و تایبەتیش لە نێو شیعردا هەیە، چونکە شیعر لەگەڵ زۆر بابەتدا هاوبەشە و نزیکترین بابەتی هاوبەشیش لایەنی دەروونییە، پێگەکانی دەروونزانیش لە شیعردا بە دیدەکرێن وەك ( گەشبینی ، ڕەشبینی ، نامۆیی ، خەم ، ترس ، نەرگسیەت، مەرگ ... هتد) ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەش بە ناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح ) ە.لێکۆڵینەوەیەکە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی ( شێخ نووری شێخ ساڵح ) دا

ـ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە :

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ڕەهەندی دەروونی ، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شیعرەوە هەیە. هەروەها گرنگی و پێگەی شیعرەکانی ( شێخ نووری شێخ سالّح ) ، کە تاوکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە لە بار شیعرەکانیەوە نەکراوە.

**- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

لەم لێکۆڵینەوەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی دەروونشیکاریمان کردووە.

**- پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵنەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باس بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.

بەشی یەکەممان دابەشکردووە بە سەر چوار پاردا. لە پاری یەکەمدا باسی چەمك و زاراوەی دەروونناسیمان کردووە. لە پاری دووەمدا باسی پەیوەندی دەروونناسیمان بە شیعرەوە کردووە. لە پاری سێیەمدا باسی مێژووی ڕەهەندی دەروونیمان کردووە . هەروەها لە کۆتا پاردا باسی تیۆری شیکاری فرۆیدمان کردووە.

لە بەشی دووەمشدا بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ سالّح ) مان لە ڕەوانگەی دەروونناسیەوە شیکردۆتەوە و باسمان لە ڕەهەندەکانی (گەشبینی ، ڕەشبینی ، نامۆیی ، خەم ، ترس ، نەرگسیەت ، مەرگ ) کردووە

لە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو، هەروەها پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان ڕیزکراون، پوختەی لێکۆڵینەوەکەش بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### پاری یەکەم:

### چەمك و زاراوەی دەروونناسی:

ئەگەر بێینەوە بۆ چەمکی دەروونناسی و ڕەگ و ڕیشەی دیاری بکەین، ئەوە دەروونناسی لە بنەمادا دەگەڕێتەوە (( بۆ زمانی یۆنانی ، کە لە هەردوو وشەی ( psyche ) بە مانای زانست ، یان لێکۆڵینەوەبە کار هاتووە دواتر لە زمانی یۆنانیدا بۆ زانستی دەروونناسی چەمکی ( psychelogos ) ، کە بە زمانی ئینگلیزی ( psychology ) وە بە زمانی فەرەنسی ( psychogie ) دواتر لە زمانی عەرەبیدا بە ( علم النفس یان السکولوجیا ) گوزارشتی لێکراوە ))[1] .لە هەموو ئەمانەدا تاکە مانایەك کە هاوبەشە ئەوەیە (( سایکۆلۆژی مانای دەروونزانی (دەروونناسی ) یان زانستی دەروون دەگرێتە خۆ ))[2] . کە واتە سایکۆلۆژیا ، ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتار و رەوشتی مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە، هەر لە کردەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا .

هەر چەندە وشەی دەروونناسی زاراوەیەکی تازیە، بەلاَم لە راستی دا بابەتەکانی زۆر کۆنن و بۆ دێرزەمان دەگەڕێتەوە، بۆ سەردەمی گریکەکان، هەر چەندە گریکیش نییە. ئەم وشەیە دارشتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەهەم (( ئەو سەردەمە پێی دەوترا زانستی بونەوەرە زیندووەکان و دیاردە گیانییەکان ( pneumatotogy ))[3] . ،کەواتە دەروونناسی ئەو زانست و زانیارییە بوو پەیوەندی بە گیانی مرۆڤایەتییەوە هەبووە.

مێژووی دەروونناسی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی مرۆڤ ، لەو سەردەمەوە کە خودی خۆی ناسیوە، دەروونناسی خۆی لە گەڵێ لە راستییەکان و بیرورا دەروونییەکان دەردەبڕێ، کە ئەمڕۆ دەروونناسی تازە دەریان دەبڕێو لە ژیاندا مامەڵەی پێ دەکرێ و هەوڵدەدا لە بەر تیشکی زانیارییەکان و توانینەکان ڕاڤەی بکات . واتە (( لەو رۆژەوەی مرۆڤ لە سەر ئەم زەمینە پەیدابووە، بیری لە خودی خۆی کردۆتەوە و بیری لە هەموو ئەو ختووکانە ناوەوەی دەروونی دەکردەوە هەوڵی داوە لە خۆی تێبگات، لە هەموو ئەو شتانەی بەرەنگاری دەبووەوە وەك بارەکانی خۆشەویستی و رق لێبوونەوە، یان بارەکانی خۆشی و ناخۆشی، بارەکانی رازی بوون و توڕەیی، هۆگری و نەفرەتکردن و بارەکانی خۆبەختکردن و خۆپەرستی، یان بێ ئومێدی، بارەکانی بەرزخوازی ( ambition ) یان کشانەوە و تێگەیشتنی نائومێدی بیرهێنانەوە و لە بیرچوونەوە، لەگەڵ هەموو بارەکانی هەڵچوون و کرداره هۆشییەکان، کە مرۆڤ لە سەر زەوی پەیدابوو دەستیکرد بە بیرکردنەوەەو لە بەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی پەیدای کردبوو بیری دەکردەوە ))[4] . کەواتە دەروونزانی لێکۆڵینەوە لە سەر هەموو ڕەوشت

و کرداره هۆشییەکانی مرۆڤ هەر لە تورەبوون و هەڵچوون و قسەکردندا و هەموو ئەو هەستە شاراوانەی کە لە ناو ناخی دا هەیە دەتوانێت لە رێی دەروونزانییەوە بیخاتەڕوو.

دەروونزانی کە لە ژیانی دەروونی تاکەکان دەکۆڵێتەوە، بیر و بۆچوون و هەست و ئارەزوو و بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکان، سۆز و هەڵچوونەکان لە خۆدەگرێت . هەروەها لێکۆڵنەوە لە هەموو جۆرەکانی ڕەفتاری مرۆڤەکان دەکات، لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ، ئەو ڕەفتارەچ لە قسەکانی، چ لە کردەوەکانی، چ لە چووڵەی دیاردەکانی دەردەکەویت.بۆیە دەروونزانی (( ئەو زانستەیە کە لە رەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە ئە نجامی وروژینەرەکان دەردەکەون و بە دوای پرۆسەی مەعرفیەکانی و ئەزموونییەکانی دا دەگەڕێت )) [5] .واتە ئەزموون بوارێکە لە بوارەکانی دەروونزانی هەوڵ دەدات کاریگەری پاشماوە لە سەر رەفتار دیاربکات.

هەموو مرۆڤێکش دوو دیاردەی هەیە لە ژیانیدا ئەوانیش: یەکەم : دیاردەی هەست . دووەم : دیاردەی نەست .کە هەر ئەم دوو دیاردەیە بە روون و ئاشکرایی لە ژیاندا رەنگدەداتەوە و هەستی پێدەکرێت و کەسایەتی و سۆزی مرۆڤە دەردەخات . بۆیە ((دیاردەکانی نەست نەك تەنیا لە ژیانی جەستەیدا، بەڵکو چوارچێوەو سنوورکردار و کاردانەوەکان هەڵچوونەکانی روحیشدا رۆڵی یاریدەدەر دەگێڕن، ژیانی روحی هەستی ( خود ئاگا ) ی مرۆڤ لە بەرامبەر ژیانی روحی نەسدا زۆر بچووکە مەزنترین شیکەرەوەکان و وردترین چاودێرن دەتوانن تەنیا ژمارەیەکی کەمی پاڵنەرەکانی هەستی ئەو جۆرە ژیانە بدۆزنەوە .کرداره هەستیەکانی ئێمە لە زەمینەی نەستدا سەرچاوە دەگرن ، کە زادە و دەرئە نجامی هۆکارەکانی بۆ ماوەییە لە سەر ئەم زەمینەیەدا شوێن پێیەکی بیٚ شووماری باوبا پیرانی پێشینانەکانی ئێمە دەبیندریٚ ، کە دەروونی نەژادی خۆی زادەی ئەوانەیە ))[6].هەموو دەقێکیش زادەی بیر و فکری نووسەرن لە بیرەوە هەڵدەقوڵێت و بە تەواوەتی دەبنە ئاوێتەی دەروونی نووسەر، خوێنەر دەتوانێت بە لێکدانەوەی دەقەکان لایەنی دەروونی نووسەر بخوێنێتەوە. بۆیە (( زانایانی دەروونناسی بە رۆژی ئەدەبیان هەڵبژادووە وەك مادەیەك بۆ بابەتە دەروونییەکان و لە دووتوی توێژینەوەکانیاندا لە نێو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا گەلیٚ راستی دەروونیان هەڵێنجاوە، کە بایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە، ))[7] .کەواتە ئەدەب بوارێکی یەکجار فراوانە بۆ دەرخستنی لایەنە دەروونییەکان و لێکۆڵەران و ئاوڕی جدییان لەم بوارەدا داوەتەوە

## بەشی یەکەم

### پاری دووەم:

### پەیوەندی دەروونناسی بە شیعرەوە:

ئەمرۆ بە پێشکەوتن و هەوڵی کۆمەڵگا ئەدەبیاتیش پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە بەدەر لە تێگەیشتنی خۆرەوشتی و جواناسی تێگەیشتنێکی نوێ بە ناوی دەروونناسی چۆتە ناوی پەیوەندی دەروونناسی و ئەدەبیات بە تاییەت لە شیعردا لە سەردەمی ئەمڕۆدا یەکێکە لە پێداویستییەکانی ژیان ، چونکە خوێنەر تێگەیشتنیان بەرزبووەتەوە و ڕوانینێکی تازەیان بۆ نووسینەکان هەیە. بۆیە (( پەیوەندی دەروونناسی لەگەڵ ئەدەبیاتدا دەتوانین لە نووسین و بیرۆکەی

نووسەرەكە بخوێندرێتەوە كە چ پەیوەندییەكی دروستكردووە و چ بەرهەمێكی بەدی هێناوە كەداواكاری زۆری هەیە،لە ڕاستیدا دەبێت بڵێین كە ئەدەبییاتی ئەمرۆ بەدەر لە دەروونناسی نییە، چونكە هەر نووسەرێك كە بەدی دێت دەبێت خاوەن ڕوح و تازەگەری بێت، كە بە ڕوح پێی دەوترێت دەروونناسی تاك. تاك بتوانێت بە بیركردنەوەی سەلامەت ئەو بەرهەمەبیبوێت و چێژی لێی وەرگرێت ))[8]

سایكۆلۆژیا و ئەدەب یان ڕەخنەی سایكۆلۆژی لە هەڵوێستیدا بەرامبەر ئەدەب چەند مەسەلەیەك لە بەرچاو دەگرێت، دەشێت گرنگترینیان بریتی بێت (( لە قۆناغەكانی گەشەكردنی مرۆڤ و پێكهاتەی كەسایەتی و ڕێگارەكانی بەردەم ئەو پێكهاتەیە و چەپاندن و كرانەوە و داخران لەو كەسایەتییەدا، هەروەها كاریگەری سەرچاوەكانی كەسایەتی، پەیوەندی كەسی داهێنەر بە خێزانەكەی، پەیوەندی بە ژینگە كۆمەڵایەتییەكەی، پەیوەندییە سۆزدارییەكانی بە پێی قۆناغەكانی گەشەكردنی لە منداڵییەوە تا قۆناغی هەرزەكاری و گە نجێتی و پێگەیشتنی وتا دەگاتە قۆناغی پیری ))[9] .

شیعر لقێكە لە لقەكانی ئەدەب ، لقەكانی ئەدەب زۆرن وەك (ئەفسانە ، پەخشان ، چیرۆك ،ڕۆمان ..... هتد ). شیعریش بەرهەمێكی گوزارشت كردنە لە خود (( ئەگەر ویستت لە پاڵنەر و سروشتی ئاڵۆزی ڕەفتارە تێبكەیت ئەوە شیكاری دەقێكی شیعری شاعیرێك بكە لە ڕووی شیكاری دەروونییەوە. كەواتە شیعر لە هەموو لقەكانی تری ئەدەب كاریگەری هەڵچوونەكانی مرۆڤی زیاتر پێوە دیارە هەردەقێكی شیعری ناوەڕۆكەكەی لێوان لێوە لە (ڕەشبینی ، گەشبینی،ترس ، توڕەبوون ، خۆشەویستی ،ڕق )، مرۆڤ هەر لە زووەوە گوزارشت لە حەز و خواست وناخ وهەست و نەستی خۆی كردووە بە وێنەكێشان لە سەر دیواری بەردی ئەشكەوتەكان و شوێنی نیشتەجێ بوونیان،بەڵام هەر لە گەڵ گەشەكردن و دروست بوونی زمانی قسەكردن مرۆڤ زمانی نووسینیشی هێناوەتەكایەوە، زمانی نووسینیش بووە بەبنەمای لە دایك بوونی پەخشان كە مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە تەعبیری لە ناخ و ژیانی كۆمەڵایەتییەكەی خۆی كردووە ))[10] .

هەموو مرۆڤێك خاوەن هەست و نەست و خواست و حەزی خۆیەتی، كە دەبێتە هۆی پاڵنەری لە دایك بوونی دەقێكی شیعری لێرەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە دەڵێن بۆچی هەموو مرۆڤێك ناتوانێت ببێت بە شاعیر ؟ دەتوانیین بڵێین بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ لە دایك بوونی دەقێكی شیعری تەنها بوونی حەز و ئارەزووهەست ونەست بەس نییە، بەڵكو دەبێت خەیاڵ و زمانێك هەبێت كە بتوانێت ئەو حەز و ئارەزوو بگۆڕێت بۆ ووشە .

(( فرۆید، لەو بڕوایەدابوو كە شیعر دەربڕینێكی شاراوەیە بۆ ئەو ئارەزووە خەفە كراوانەی لەوەوپێش بواری دەربڕین و تێركردنیان بۆ هەڵنەكەوتووە. بە پێی ئەم بۆچوونە "فرۆید" شیعر دەكاتە هۆیەك بۆ تێركردنی ئارەزووە خەفەكراوەكانی شاعیر وشیعریش لە گەڵ خەودا بە تەواوی لە یەكترنزیك دەكاتەوە، وادەكات توێژینەوەی شیعر یاخود شیكردنەوەی شیعر بەو جۆرە بكرێ كە زیندەخەوە و شاعیریش ئەو كەسەیە بەهۆیەوە ئارەزووەكانی دەرئەبڕێ. بەم پێیە فرۆید وای دەبینێت كە شیعر وێنەیەكی گۆڕاوی پاڵنەرە خەفەكراوەكانی بێ ئاگابین ))[11] .

**نووسەران و شاعیران بیّ ئەوەی دەرکی پیّبکەن بە تیّکستەکانیان یارمەتی زانایانی دەروونناسی دەدەن . بۆ ئەوەی لە رووی دەرونییەوە لیّکۆڵینەوە لە سەر تیّکستەکانیان بکەن . هەر بۆیە فرۆیدش لە وتاریّکدا ((نکۆڵی لەوە دەکات کە خۆی دۆزەرەوەی نائاگایی و ئەقڵی ناوەکی بیّت و دەڵیّ لە راستیدا نووسەران خاوەنی ئەو دۆزینەوەیەن. هەروەها شاعیران بەر لە من نائاگاییان کەشف کردووە ))[12].واتە فرۆید گرنگییەکی زۆری بە شاعیران و نووسەران داوە بۆ دۆزینەوە دەروونناسیەکانیش پشتی پیّ بەستوون دانیشی بەوە ناوە کە نووسەران لە پیّش ئەودا ئاستی بیّ ئاگاییان دۆزیوەتەوە.هەروەها رزۆربەی دەروونناسەکان وەکو (یۆنگ ، ئەدلەر ،فرۆید ) پیّیان وایە کە شیعر بەرهەمی نەستە، شیعر کەسایەتی و چالاکی و نەستی مرۆڤە، بەم پیّیە شیعر لە ڕۆانگەی دەروونناسیەوە بریتیە لە درك پیّکردنی ناخی کەسیّتی شاعیر، هەروەها لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە هەردوو جۆرە شیعری (ڕۆمانسی، لیریکی ) بریتییە لە دەربڕینی هەست ونەستی خودی شاعیر. بەوە ڕەنگە دەتوانین ئەو ڕاستییە دیاری بکەین کە شیعر و دەروونناسی پەیوەندییەکی بەهیّز بەیەکیانەوە دەبەستیّتەوە.(( فرۆید زاراوەی نەستی داهیّناوە. بیرۆکەی نەست ئەوەیە مرۆڤ واقیعەکەی خۆی لەسەر بنەمای ئارەزووە چەپیّنراوەکانی بنیات دەنیّت،بۆیە هەر دەربڕینیّك چ بەڕەفتار بیّت یان بە خەیاڵ بریتییە لە کۆمەڵیّك هیّمای ئاڵۆز کە هەوڵ دەدات بە شیّوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە ئاشکرا بکات، کە ئەو مرۆڤە ئاواتەخوازە بیکات، بەلاّم نەریتی کۆمەلاّیەتی یاخود ڕەوشت ڕیّگریی لیّدەکەن ))[13].بەڕای فرۆید ئەدەب و هونەر بەگشتی شیّوەیەکن لە شیّوەکانی دەربڕینی ئەم ئارەزووە چەپیّنراوانە و ویّنەیەکن لە ویّنەکانی خۆ بەتاڵ کردنەوەی دەرەوەی نەست، بۆیە شاعیر یان هونەرمەند دوای نووسینی دەقیّکی ئەدەبی وا هەست دەکات کە ئەوەی لە ناخیدا چەپاندووە هەست بەرەزامەندی ئاسوودەیی دەکات، بۆیە هەر لیّکۆڵەریّکی ئەدەبی دەبیّت بچیّت بە دوای تەواوی ژیاننامەی ئەو شاعیر و هونەرمەندە بگەڕیّت بەمەبەستی دۆزینەوەی هەر یەك لەو کیّشە دەروونیانەی کە لە نەستیدان .**

**سایکۆلۆژیا و ئەدەب یان بڵیین ڕەخنەی سایکۆلۆژی کارکردنی سایکۆلۆژیا بوو لەسەر ئەدەب و هونەر و کەسایەتی هونەرمەند بە شیّوەیەکی گشتی، واتا سایکۆلۆژیا بە هەموو قەبارەکەی خۆیەوە وەك زانستیّکی سەربەخۆ کاری لەسەر دەقی ئەدەبی دەکرد وبە پشت بەستن بە هەموو میّتۆدەکانی ناوی لە مەسەلەی شیعر وشاعیری دەڕوانی بە ناوی بۆچوونی سایکۆلۆژی و ڕەخنەی دەروونی تیّبینیەکانی خۆی دەردەخست.(( ڕەخنەی دەروونی هەڵدەستا بەشیکردنەوەی کەسایەتی شاعیر ولەو لایەنەی کە پیّیەوە پەیوەست بوو، ڕەگەز و خەسڵەتە سایکۆلۆژییەکانی ناو دەقی ئەدەبی دەخستە ڕوو واتە، میتۆدی ڕەخنەی دەروونیش وەك لایەنیّك لەو پەیوەندییانەی کە ئەدەب و سایکۆلۆژیا بە یەکەوە دەبەستیّتەوە بە پشت بەستن بەبنەماکانی سایکۆلۆژیا هەوڵی پرۆسەی ڕەخنەیی دەدات بەئامانجی تیّگەیشتن لەدەقی ئەدەبی ))[14]ئەدەب پیّش هەموو شتیّك خویّندنەوەی دەروونی، کاتیّك کە شاعیریّك یان ئەدیبیّك هەست بە غوربەت و دڵتەنگی و هەست بە پەستی و ئازار دەکات حەز دەکات لە ڕیّی هونەرەکەیەوە کە نووسینی دەقی ئەدەبییە ئەو هەستە پەنگ خواردووی خۆی لە دەقە ئەدەبییەکەدا دەربڕیّت و بینووسیّتەوە، بۆ ئەو شاعیرە یان ئەو ئەدیبە نووسینەوەی ئەو ئازار و خەمە وەکو خەم ڕەویّنیّك دەبیّت بۆیە هەست بە ئاسوودەی دەروونی دەکات .(( ئەزموونی دەق، بە پیّی سایکۆلۆژیای نووسەرەکانیان لە دۆخیّکەوە بۆ دۆخیّکی تر یان لە نووسەریّکەوە بۆ نووسەریّکی تر جیاوازییەکان دروست دەکەن، جگەلەوەش لە تەمەنیّکەوە بۆ تەمەنیّکی تر لە نیّو خودی کەسەکانیش دیاردە و شتەکان لیّکدانەوە و تیّروانینی**

جیاوازتر وەردەگرن، کەواتە ئەدەب و هونەر وەك سەرچاوەیەك لە قوڵایی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن وەك هێزێکی ڕێگرن و دەروون هێور دەکەنەوە، ئەوەی نووسەر و ئەدیبان دەیخەنە ڕوو سیحر و فەنتازیایەکی ژیانە و موچڕکێك بە لەشی خوێنەر و بینەران دا دێنێ ، لەم سۆنگەیەوە ئەدەبیات بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی ژیان باڵ بەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەکێشێ ))[15]

## بەشی یەکەم

### پاری سێیەم:

### مێژووی ڕەهەندی دەروونی :-

هەر لە سەرتای ژیانەوە مرۆڤ کاتێك بیری کردووەتەوە و ڕەفتاری خۆی بە ڕەفتاری کەسانی تر بەراورد کردووە دەروونناسی بوونی هەبووە. واتە (( ڕەهەند و بابەتی دەروونی مرۆڤ خاوەن ڕابردووییەکی دێرینە لە ڕەوتی مێژووی مەعریفەتدا، چونکە لایەنی دەروونی پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە و هەموو مرۆڤێکیش تێیدا بەژدارە وەکو زانستەکانی تر نییە لە پڕ دۆزرابێتەوە و گەشەی پێدرابێت، بەڵکو دەروونزانی بەشێك بووە لە ژیانی مرۆڤ، بەڵام دواتر قۆناغ بە قۆناغ پێشکەوتووەو گەشەی سەندووە. هەر زانایەك هاتووە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردووە و زانیاری تری خستۆتەسەر شتە کۆنەکان. کەواتە مێژووەکەی لە مێژووی بیر کردنەوەی مرۆڤ جیا نابێتەوە، چونکە هەر لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە ئەو هەست بە دیاردەی بێبەش بوون و ڕەشبینی و هەژاری و شەرم و خەم و ترس و نامۆیی ...کردووە ))[16] .

(( ئەفلاتوون 400 ساڵ پ.ز. باسی جیاوازی نێوان منداڵانی کردووە و کۆمارەکەی لەسەر بنچینەی ئەم جیاوازییەی نێوان تاکەکان دامەزراندووە ،ئەرستۆش لە بارەی فرمانی هۆشەوە چەند بنچینەیەکی باس کردووە کە ئەمانەن (أ-پێکەوە بوون . ب-لەیەك چوون . ج-دژایەتی)، (واتا هۆش بەوەش دەیناسێتەوە و دەیزانێت کە لەگەڵ شتێکی تردا بێت یان شتێك وەك شتێکی دیکە بێت و یاشتێك دژی یان پێچەوانەی شتێکی تر بێت کە دواجار ئەو یاسایانەی ئەرستۆ بووە هۆی لەسەر دوان و لەسەر نووسینێکی زۆر ))[17] .

(( فەیلەسووفانی یۆنانی کۆن نەك لەم بوارەدا بەڵکو لە زۆر بوارەکانی ژیاندا دەستپێشخەر بوونە و باسی لایەنی دەروونیان کردووە و لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبیەکان بە یەکیان بەستۆتەوە، دەروونزانی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە وەك زانستەکانی تر بە شێك بووە لە فەلسەفە بە زانستی ڕوح دەژمێردرا لە لایەن یۆنانیەکانەوە بەناوبانگترین فەیلەسووفانی یۆنان سوکرات وئەفلاتوون و ئەرستۆ ))[18]لەم بوارە دواون.جگە لەم فەیلەسوفانە چەندین زانای تر لەسەر ئەم بابەتە دواون، نوسەری ئەڵمانی (یۆها فولفانگ ) دەڵێت (( نووسین مانای شۆڕبونەوەیە بۆ ناو قوڵایی هزر و داهێنان لەلای تاکدا ))[19] واتا شۆڕبوونەوەیە بۆ ناو دەروونی تاك بۆ هەڵهێنجانی بیرۆکەو دارشتنی

یەکێکی تر کە درکی بە گرنگی رەهەندی دەروونی لە پرۆسەی داهێناندا کردووە( **القاضي الجرجاني**) یە دەڵێت: (( خەڵکەکە جیاوازن شیعری هەندێکیان ناسکەو هی هەندێکی تریان قورسە، گوتەی کەسێکیان ئاسانە و لۆژیکی ئەوەی تر سەخت و ئاڵۆزە، ئەمەش بە پێی جیاوازی سروشت و پێکهاتەی دروست بوونیانە، سەلامەتی سروشت سەلامەتی گوتە

به دوای خۆیدا دەهێنێت نەرم و نیانی قسە بە ئەندازەی نەرم و نیانی کەسەکەیە ))[20] . واتە جرجانی ڕۆچووتە نێو دەروون و ناخی شاعیران و جیاکردنەوەی خاسیەت و تایبە تمەندی جۆری هەڵسوکەوتی شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی تر لە روی دەروونیەوە .

هەروەها سەبارەت بەم بابەتە (( ڕەخنەگرە کۆنەکانی عەرەبیش هەوڵیانداوە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروست بوونی شیعر دیاری بکەن کە لە ئارەزووی ترس و توڕەیی و هەندێ لایەنی تری دەروونیدا هۆکارن بۆ لە دایك بوونی شیعر ))[21] . واتا هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لایەنی دەروونی نووسەر تیایدا ڕەنگی داوەتەوە و هۆکارێکە بۆ دروست بوونی شیعر،

سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئەدەبی دەروونی لە ئەدەبی جیهاندا دەتوانیت شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا )ی سۆفۆکلیس شانۆنامەنووسێکی یۆنانی کۆنە لە سەدەی پێنجی زایەنی بکەینە سەرەتایەکی باش بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی دەروونی، چونکە سۆفۆکلیس لەو دەقە ئەدەبیەدا (( بەشێوەیەکی شانۆگەریانە گرێ دەروونی باوکسالاری خستۆتە ڕوو ))[22]

دوای هەموو ئەمانە لێکۆڵینەوە لە بواری دەروونی وردە وردە و بە سەربەخۆیی لێی کۆڵدرایەوە و گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و چەندین نووسەر خۆیان تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری دەروونی. ئەگەر لە رووی مێژوویشەوە تەماشای بکەین ئەوا (( سایکۆلۆژیا مێژووەکەی لە ساڵی (1879 ) بەرەو ژوور ناڕوات، ئەو ساڵەی کە (فۆنمت) ئەزموون گەریدا سایکۆلۆژیای لە شاری لایبزت دامەزراند و لەم ئەزموونگەیەو لەم کاتەدا سایکۆلۆژیا سەرەتای ڕەوتی زانستی راستی خۆی و گیروگرفتەکانی خۆی بە خۆ دەگرت بۆ ئەوەی بە دوایدا بگەڕێت و لێیان بتۆژێتەوە ))[23].ئاماژەکردن بەم ساڵانەش بۆ ئەوەیە کە ئیتر دوای ئەم لێکۆڵینەوانە لە بواری دەروونناسی وەکو زانستێکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆی پێشکەش کرد ئەگەر نا سەرەتاکانی سایکۆلۆژیا بۆ سەردەمی یۆنانیەکان دەگەڕێتەوە. واتە سەرەتای سەدەی بیستەم بە سەدەیەکی زۆر رۆشن دادەنرێت بۆ گرنگیدان بە لایەنی دەروونی . ئەویش بە هۆی دەرکەوتنی چەندین زانای لێهاتوو و بە توانا لەم بوارەدا وەك فرۆید لە ساڵی (1899 ) کتێبێکی بڵاوکردەوە لە بارەی ( لێکدانەوەی خەونەکان ) باسی لایەنی ئەو ، من ، منی باڵا و کاریگەری نەست و ( نائاگایی ) کردووە لەم کتێبەیدا بە گشتی باس لە بنەماکانی خەون دەکات و بە هۆی ئەم لێکدانەوەیە بۆ خەون حەزەکانی مرۆڤ جێبەجێ دەبێت. هەروەها لە چەندین شوێنی تردا لایەنی دەروونی گرنگی زۆری پێدراوە و بەکارهاتووە (( میتۆدی دەروونی بۆ ماوەیەکی کەم لە ئینگلتەرا بڵاوبوویەوە، وەك لێکۆڵینەوەکانی ( ئەرنست جۆنز ) لە بارەی ( هەملێت ) ەوە لە ساڵی (1910 ) ، لێکۆڵینەوەکانی (ریچارد ) لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی ( بنەماکانی رەخنەی ئەدەبی )یەو(1924 ) ، هەروەها ( مودبود کین ) لە کتێبەکەیدا بە ناوی نموونەی باڵاکان لە شیعری (Arcnety ) (putterhs in poetry ) (1934 )، هەروەها میتۆدی دەروونی لە فەرەنسا و ئەمریکا و هەموو جیهاندا بڵاوبوویەوە ))[24]. ئەمەش وایکرد کە رەخنەگران لێکۆڵنەوە لەو بارەیەوە بکەن. بۆیە کاتێك کە (( فرۆید کە ئاوڕی لە ئەفسانەو بەشێکی ئەدەبی کۆن دایەوە، خۆی لە خۆیدا دەتوانین بە سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەبی لە قەڵەم بدەین، چونکە فرۆید لەم کارەیدا دەرگای کردەوە لە سەر ئاوێزان بوون و ئاوێتەبوونی ئەدەب و دەروونزانی لەگەڵ یەکتردا بەم کارەشی بەردی بناغەی دەروونشیکاری ئەدەبی دانا و ڕێگەی خۆشکەر بوو بۆ لێکۆڵەران و توێژەرانی دوای خۆی کە ئەم هەنگاوە بە جیا و سەربەخۆ وەربگرن لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا و وەك قوتا بخانەیەك ناوزەند بکەن ))[25].

## بەشی یەکەم

**پاری چوارەم:**

**تیۆری شیکاری فرۆید:**

### 1ـ ئاستی ئاگایی

**ئاستی شعورە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات واتە ئاگاداری سەرجەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان و کار و کردەوەکانی خۆیەتی کە ئەنجامی دەدات و هەستی پێدەکات ، کەواتە هەست ئەو بارەیە کە مرۆڤ تیایدا دەژێ و بە ئاگایە ((هەستکردن بە قورسی جل و بەرگ بە قەرەباڵغی ئۆتۆمبێل یاخود هەست بە باس و خواستی خەڵك دەکەین لە دەوروبەرمان، هەروەها بە خۆشی و ناخۆشی دەکەین یان هەست بە کتێب دەکەین کە دەیخوێنینەوە، ئەمانە گشتیان بیر و ئەزموونی عەقڵین کە ناوچەی هەستی ئێمە داگیر دەکات))[26].واتە مرۆڤ هەست بە هەموو شتێکی دەوروبەری دەکات بەر لەوەی بەشێکیان بگوازرێتەوە بۆ ناوچەی هەست، هەروەها مرۆڤ (( بەهۆی هەستەکانییەوە بۆ ماوەی نزیکەی جارەکە چرکەیەك تا بیست چرکە لە تۆمارکەری یادی هەستیاریدا دەمێنێتەوە، لەو ماوەیی ئەو زانیارییە لەو تۆمارکەرەدایە هەڵبژاردنێکی توند ڕوو دەدات، تەواوی ئەو زانیارییانە لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا قابیلی بیرهاتنەوەیە ))[27].**

به ئاگاییش سێ جۆری هەیە ئەمانەن :

أ- بەئاگایی بە ویست و ئارەزوو (الانتباه الارادی ):

ئەو جۆرە بە ئاگاییە ویست و حەز وئارەزووی کەسەکەی لە گەڵدایە بۆ نموونە کەسێك کاتی بە ویستی خۆی گوی لە گۆرانیەك ڕادەدێرێ

ب- بەئاگایی بە ناچاری (الانتباه الارادی القسری ) :

ئەم جۆرە ئاگاییە نە ویستەو ناچاری و بێ ئارەزووی مرۆڤ ڕوودەدات بۆ نموونە (بیستنی دەنگی تەقینەوەیەك ) یاخود گرمەو بڵێسەی هەورە تریشقە .

ج- ئاگایی هەڵبژێردراو (الانتباه التلقائی ):

ئەم جۆرە ئاگاییە کاتێ ڕوو دەدات کە مرۆڤ ویست و ئارەزووی ئاگای لە وروژێنەرەکە دەبێت، ئەم حاڵەتەش کاتێ کە ڕووی دا بە ئاگا دەێنێتە لایەنی خۆشی، هیچ جۆرە جەخت کردنێکی ناوێت، بۆ نموونە گویدانی مۆسیقایەکی هێمن یان سەیرکردنی دیمەنی سرۆشتی جوان ))[28] .

2ـ ئاستی پێش ئاگایی

هەموو ئەم ئاستانە دەگرێتەوە کە هەستپێکراون واتە ئەوانەی بە یەکێك لە پێنج هەستەکە لە مێشکی مرۆڤدا خەزن کراوەو لە کاتی پێویستدا دەتوانین بیانهێنینەوە ئاستی ئاگایی، بۆ نموونە، کە کتێبێك بخوێنینەوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کتێبە چەندین زانیاری لە ڕێی هەستەوە دەگوازرێنەوە بۆ پێش ئاگایی کە دواتر ئەگەر بمانەوێ شتێکمان بە بیر بێتەوە دەتوانین بیهێنینەوە یاد خۆمان، چونکە زانیاری و بابەتەکان لە مێشکی مرۆڤدا تۆماربوون و دەتوانین لە کاتی پێویستدا بیانگەڕێنینەوە . د.هیمداد حسێن دەڵێت : (( مێشکی پێش هەست : ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت ئەو شتانە بیر خۆی بخاتەوە کە مەبەستیەتی ))[29]. واتە مەرج نییە مرۆڤ بتوانێت هەموو ئەو زانیاریانە بخاتە ئاستی ئاگایی .

3ـ ئاستی بێ ئاگایی :

ئەم ئاستانە دەگرێتەوە کە لە بێ ئاگایی مرۆڤدا ڕوودەدات واتە لە ڕێی خەوبینین لە کاتی بەدمەستی و بێ هۆشی ..... هتد. دەردەکەوێت هەروەها شتە قەدەغەکراوەکان دەگرێتەوە کەلە بەر کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی حەشار دراون بۆ نموونە" منداڵێك لەو پەڕی بە ئاگایی خۆیەوە کاتێك بووکە شووشەکەی خۆی دەشکێنێت و لێی دەدات و پارچە پارچەی دەکات، کاتێك لە منداڵەکە بپرسین بۆ چی وا لەم بووکە شووشەیە دەکەیت ، ئەو نازانێت بۆ چی وای لێ

**دەكات، یاخود وەڵامی نییە بۆ ئەم پرسیارە و (( بەڵام هۆكارەكەی ئەوانەی لە خۆی گەورەترن لێیان داوە و جنێویان پێ داوە ئیهانەیان كردووە، ئەویش لە بێئاگاییەوە ئەم كارە ئەنجامدەدات وەك تۆڵە سەندنەوە و دامركاندنەوەی خەم و خەفەتەكانی ))[30].**

**فرۆید كاتێك هەست و نەستی لە یەك جیاكردەوە بۆ ئەوە نەبوو كە ئەم دوو جیهانە لە یەك دابڕێت ، نەخێر بەڵكو ویستی ئەوە بسەلمێنێت هەر كارێك كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بە تەنها یەك هۆی نییە ، كە هۆی واقیعی بێت ، بەڵكو هۆی دەروونیش هۆیەكە فشار دەخاتە سەر مرۆڤ هەتا كارێك ئەنجام بدات ، دواتر هاتووە نەستی دابەش كرد بە سەر دوو رەهەندی جیاوازدا :**

**1 ـ نەستی شاراوە:**

**ئەم نەستە بە لای فرۆیدەوە شتێكە بە شێوەیەكی سروشتی لە مرۆڤدایە و توانای ئەوەی هەیە بێتە ناو جیهانی هەستەوە، واتە ((نەستی شاراوە كە بۆ خۆی شتە دەروونییەكانی ناو مرۆڤ هەروا ناهێڵێتەوە، بەڵكو هەوڵدەدات لە ئاستی جەستە دەربكەون و بێنە واقیعەوە . ))[31].**

**2 ـ نەستی چەپێنراو :**

**ئەم جۆرە نەستەیە پێچەوانەی نەستی شاراوە توانای ئەوەی نییە بێتە ناو واقیعی ژیانەوە و چەپێنراوە، چونكە ئەم جۆرە نەستە خۆی لە (ئەو ) دا دەبینێتەوە و ئینجا بە فلتەری (من ) دا دەڕوات و (من ) یش نوێنەری جیهانی واقیعە رێگە نادات هەموو نەستەكان دەركەون لە واقیعدا، چونكە واقیع مەرجی هەیە بۆ دەركەوتنی شتەكان و مرۆڤ لە واقیعدا ئازاد نییە. واتە ((نەست بە عەقڵی ناوەكی ناو دەبرێت))[32].**

**هەروەها بۆ ئەوەی نەست بسەلمێنرێت چەندین بەڵگەی روون و زیندوو هەیە وەك ((نەخۆشی، شت لە بیركردن و ونكردن ، زمان تەتەڵەكردن ، یاری منداڵ، سەرخۆش بوون ، خەوبینین ))[33]. واتە لە رێی ئەمانەوە شتە كپ كراو و چەپێنراوەكانی خودی مرۆڤ دەرباز دەبن .**

## بەشی دووەم

### شیکردنەوەی شیعرەکانی شێخ نوری شێخ سالّح لە روانگەی دەروونناسیەوە:

بەو پێیەی شێخ نوری شێخ سالّح رەوتی ژیانی بە چەندین هەوراز و نشیوتیّ پەڕیوەوله ژینگەیەکی کۆمەلآیەتی پڕ لە کێشەو نەخۆشی و دەردی کۆمەلآیەتی گوزەری کردووە ئەمانە کاریگەری راستەوخۆیان کردۆتە سەر لایەنی دەروونی شاعیر بە جۆرێك بە ئاشکرا بەشێك لە رەهەندە دەروونییەکان بە شیعرەکانیەوە دیارە . حوێنەریش کەم تا زۆر هەست بەو فاکتەرە دەروونیانە دەکات کە بوونەتە هۆی خولقاندنی دەقە شیعرییەکانی. ئێمە لێرەدا هەوڵمان داوە بەشێك لەو رەهەندە دەروونیانە بخەینە ڕوو.

### 1- گەشبینی

روانینێکی ئەرێنی(ایجابی) بۆ رووداوەکان هەیەو ناخۆشی و خراپەکان رەتدەکاتەوە.(گەشبین) مرۆڤ دۆستە،ژیان دۆستە، دەروونی بالآ و ئارام بۆ خودی خۆیی و ئاوەدانی بۆ کۆمەڵگە فەراهەم دەکات.بۆیە هەمیشە خاسبینە،جواناسە.(گەشبینی روانینی تاکە بۆ ئایندە لە روانگەی دەروونێکی شادەوە،واتا کەسی گەشبین بەدڵێکی پڕ هیواو ئاوات و گەشبینیەوە دەروانێت بۆ ئایندە بڕوای بە دوارۆژێکی پرشنگدارو دیار هەیە.تەنانەت تێڕوانینی بۆ هەموو دیاردەیەکی واقیع و دەوروبەر هەیە هەر لەو لایەنانەوە سەرچاوە دەگرێت،کە رەنگپێدەرەوەی دەروونە،گەشبینیەکەیەتی))[34].

عیلمت میللەت نائیلی جاهو شکۆ خو شان ئەکا

دایەیی پاکی وەتەن ، پڕ نەشئەو خەندان ئەکا

واسیتەی عیلمە بە شەر ئەمڕۆکە مانەندی طیور

وابەسەر ئەوجی سەماوە سەیر ئەکاو طە یران ئەکا

واسیتەی عیلمە کە ئەمڕۆ هەروەکو ماسی ، بەشەر

کەشفی قەعری بیکرانی ، بەحری بێ پایان ئەکا (دیوانی شێخ نووریی شێخ سالّح ل33)

شاعیرلەم دەقەدا هێندە گەشبینە،بەئایندەی گەل و نیشتیمان لەڕێگەی دەست گرتن بە تەلیسمی ئەفسوناوی عیلم و زانست،کە پێی وایە مرۆڤ ئەو خۆشی و بارئاسانییەی کەدێتەڕێی و هەیەتی ، بەرهەم و زادەی عیلمە ،بۆیە پێی وایە مرۆڤ بەهۆی زانستەوەیە کەدەتوانێت بە ئاسماندا فرێت و شە پۆلی ترسناك و ڕوخێنەری دەریاکان ببڕێت.

ئەم موژدە خۆشە، خەو بووە ، یا گوێم زڕایەوە

یا راستە پەردەیی طە ڕەیە ، هەڵدرایەوە

**یا نەجمی تەرەقی کوردە ، طلووعی کرد**

**یا نووری مەعریفەت ، لە ولاتا پژایەوە**

**ناگاه ، نیدا لە غەییەوە هاتووە ووتی : بەڵێ**

**پێشکەوتنە لە مەملەکەتا دەنگی دایەوە**

**پێشکەوتنی سەعادەتی کورد ، هاتنت بەخێر**

**غونچەی دڵم ، بە بۆنی نەسیمت گەشایەوە (دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح ل37)**

**دیارە شاعیر وەکو روناك بیرو ئایندەبینی کۆمەڵگاکەی خۆی، باش لەوە گەیشتووە کە چاپخانەو هەربلاوکراوەیەکی زانستی یان ئەدەبی،هەنگاونانەبەرەو وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، دەرچواندنی کومەڵە لە ناخۆشی، هەڵهاتنی ئاسۆی گەلە، لێرەشدا شاعیر هێندە گەشبینە بە بلاوکردنەوەی رۆژنامەی ژیان، کە پێی وایە ،ئیدی ئەم رۆژە دەبێتە هەڵهاتنی خۆرو ئاسۆی سەرکەوتنی میللەت،ئەمەش بە ئاشکر وەکو بارێکی دەرونی پڕلەگەشبینی بەدەقەکەوە دیارە .**

**رابردوو رۆیی و ناگەڕێتەوە**

**گریان و خەفەت نایهێنێتەوە**

**ئەو ساتەت خۆش کە ، کە تیایا ئەژیت**

**تێکۆشە کە جوان ، بڕازێتەوە**

**مەترسە لەوەی ویستووتە و نەبووە**

**تا ئەبەد ئەمەل ناکوژێتەوە (دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح ل75)**

**لەم دەقەشدا بارێکی دەرونی پڕلە گەشبینی بەدەقەکەوەدەبینین، بەجۆرێك شاعیر بڕوای وایە ژیان هەرچەندەناخۆش و پڕلەنشێوبێت،بەلام مرۆڤ نابێت هیوا بڕاو بێت،بەداگیرساندنی چرای ئومێدی باشتربون و هەڵهاتنی ئاسۆی ئایندەیەکی پڕ لە هیواو ئومێد.**

**2- ڕەشبینی**

**یەکێکی تر لە دیاردە دەروونیەکان کە پێچەوانەی گەشبینی و دنیابینی ئاوەژوو دەبێتەوە،((کەسی رەشبین ئومێدی بە ژیان نییە،یان ئەگەر هەشبێ نەرینیەو خۆشی و ئارامی لە ژیاندا بەدی ناکات و هەمیشە بێ ئومێدەو لە خەیاڵی مردندایە،کەواتە رەشبین ئەو کەسەیە کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناگونجێت و درککردنی لاسەنگ دەبێت و ناتوانێ راستی و خەیاڵ لێك جوودا بکاتەوە،دەبێتە کۆیلەی ورێنەو وەهم و دەست بەرداری بیرکردنەوەو سۆز**

**دەبێت ودەست لەدنیا دەشوات))[35] .بۆیە کەسی رەشبین بە رەشبینیەوە لە رووداوەکان دەروانێ،هێزی لەبەر براوە ،بێ ئومێد بووە لەژیان،هەرەسی هێناوە لەبەرامبەر خۆ راگری ناخۆشیەکانی ژیاندا،بڕوای بەخۆی نەماوەو ناتوانێ ببێتە کەسێکی کاراو رۆڵی هەبێت لە گۆڕانکاری و رەفتارە چاك و باڵاکاندا.**

**سەر بەرەو خوارەیە ڕێم ، باوی فونم زۆر خۆشە**

**تێپەڕی ، قووەتی هەنگاوی سەرەو هەورازم**

**نیە کەس باری نیازم بگرێتە سەرشان**

**هەر مەگەر یاری ئەجەل بێتو بکێشێ نازم( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل156 )**

**لێرەدا شاعیر هێندە لەبارێکی دەروونی خراپ دایە، کەتەواو لەژیان رەشبینە،تروسکاییەك نابینێت ، پێی وایە تاکە، دۆست و یارویاوەر،تاکە هیواو هاوڕێی خۆشخوانی ئەو تەنها مەرگە. کەئەمەئەوپەڕی حاڵەتی ڕشبینی لای شاعیر پیشان دەدات .**

**تانەی تێنەگەیشتووە جگەری وا لەت کردم**

**خوێنئە پالێوێ لە سەدلاوە دڵەی غەمسارم**

**هەرچی کردوومە لەمەوبەر ، دەمی نادانی بوو**

**نادیمم رەببی لە تۆ لوتف و کەرەم ئەخوازم (دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل156 )**

**ئەم دەقە باری دەرونی پڕ لە ڕەشبینی شاعیرمان پیشان دەدات ،ئەوەتانێ شاعیر بی هیواو بێ ئومێدە بەرامبەر بە ئەوکەسانەی کەتێ نەگەیشتون . بەجۆرێك وەك خۆی دەڵێت چەندین جار بە تانەو تەشەر جەرگیان ئەنجن ئەنجن کردووە .**

## 3- نامۆیی

**یەکێکە لەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە مێژەوە بوونی هەبووە و رووبەرووی مرۆڤ بوەتەوە . بێگومان هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری رامیاری لە پشتەوەی ئەم دیاردە دەروونییەن. کە دووچاری مرۆڤ دەبێتەوە ،ئەم زاراوەیە لە بنەرەتدا کە ( لاتینیە لە زمانی عربیدا بە واتی ( اغتراب )دێت لە زمانی لاتینیشدا بە مانای داماڵین دێت یان لابردن دێت ))[36].فرۆیدش پێی وایە (( نامۆبوون لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێککارییەکانی شاراوە دروست دەبێت، کاتێ تووشی ئاڵۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆربە جۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێك بۆ تێر کردنی ویست و ئارەزووەکانی . سەر ئەنجام تاك ئەم ویست و ئارەزووانە لە ناخیدا خەفە دەکات. کەواتە فرۆید نامۆ بوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە**

بۆ ئەو كۆتوبەندەی كە لە پێوەر و یاسا كۆمەلایەتییەكاندا دەردەكەوێت و لەسەر چالاكییە غەریزەیی و بایۆلۆژییەكانی مرۆڤ لە ڕێگەی دامەزراوە كۆمەلایەتی و مادییەكانی كۆمەڵەوە دەسەپێنری ونابێ مرۆڤ لێی لابدات ، ئەم نامۆبوونەش هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دەست پێ دەكات )) [37] . كەواتا خود ڕۆڵ دەبینێت لە نامۆ بوونی مرۆڤدا بە لای فرۆیدەوە.

گیانم بە فیدای ئەو كەسە بێ وا ئەهلە

سەر گەر بخەمە ژێر بەری پێی لام سەهلە

گەر تۆ ئەتەوێ بزانی مەعنای دۆزەخ

دۆزەخ لە جیهان ڕەفاقەتی نا ئەهلە ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل88 )

شاعیر بەبارێكی دەروونی نائاسایی تێ پەڕیوە ،لەگەڵ خەڵكی خراپ، بۆیە نامۆیە بۆ جۆرەكەسانەی كەلە ڕەواڵەتدا موسلمانن ،بەڵام كاری خراپ ئەنجام دەدەن و لەدەستورو یاسا راستەقینەكەی خۆیان لادەدەن. بۆیە شاعر پێی وایە دۆزەخ ئەوەیە كە هاوڕێ و دۆستی خراپت هەبێت.

ئەی موفتی لە تۆ گەلێ عەقڵدار ترین

بەم مەستی یەوە لە ئێوە هوشیار ترین

تۆ خوێنی كەسان ئەخۆیت من خوێنی ڕەزان

كاممان لەوی ترمان بەدوخوێنخوار ترین ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل88 )

لێرەدا دیسان شاعیر نامۆیە ،بەوڕەفتارانەی ئەوكەسانە ئەنجامی دەدەن ،كەلەژێر پەردەی ئاینەوە، خۆیان پیشان دەدەن ،بۆیە شاعیر ڕووی دەمییان تێ دەكات و پییان دەڵێت، ئیمە لەئێوە باشترین لە ئێوە وشیارترین.

دەستێ بە كەلامی خواوە دەستێ ملی جام

گە یاری حەلاڵین و گەهێ دۆستی حەرام

ئێمەین كە لە ژێر گومەزی شینی چەرخا

نە كافری موتڵەق و نە موسڵمانی تەمام ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل90 )

دیسان شاعیر نامۆیی دەكاتە ئاوێنەی دەقەكە لێرەدا، پێی وایە ئەگەر مرۆڤ دەسێكی بە جامی بادەوەبێت و دەستەكەی تریشی بەكەلامی خواوە، هێشتا لەهەندی موسڵمانی بەناو موسڵمان باشترن.

4- خەم

یەکێکە لە دیاردە هەڵچوونە دەروونییەکان و کاریگەرییەکی ریژەیانەی هەیە لە ناخی مرۆڤدا، چونکە خەم وەك دیاردەیەکی دەروونی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و بارودۆخی کۆمەڵاتیش رۆڵ دەبینێت بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی حەڵەتی خەمخواردن بێت.هەروەها خەم بە شێوەیەکی گشتی (( هەڵچوونێکی دەروونییە و راستەوخۆ کار دەکاتە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و سۆز و باری دەروونی مرۆڤ )) [38]. واتە هەڵچوونی خەم لە لای مرۆڤی ئاسایی بەشێوەیەکی راستەوخۆ کار دەکاتە سەر رەوشت و سۆزی مرۆڤ ، بەڵام کاتێك هەڵچوونی خەم تووشی نووسەران و هونەرمەندان دەبێت ئەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە نووسین و بەرهەمەکانیاندا رەنگدەداتەوە، بۆیە کاتێك ئەوە رووداوانەی کە کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی خەمدا دووبارەدەبنەوە واتە ((دووبارەبوونەوەی ئەو کێشانەی لە ژیانی رۆژانەیاندا و دووبارەبوونەوەی هەڵچوونەکان دەیکەنە مرۆڤێکی هەست ناسك و بچووکترین رووداو دەروونی دەهەژێنن و خەمباری دەکەن، هەندێ لەو کێشەو گرفتانەی لە ناخیدا حەشاردەدات وەك نهێنییەك نایان دەرکێنێ ))[39].

لە دەشتی چۆڵ و هۆڵی ئاسمانا تۆش بە وێنەی من

خەفەت بارانە ، نەسرەوتوو ، جگەر بریان وبێ ئارام

شپرزەی میحنەت وئالام

وەکو من تۆش بەشەو گاران خەو ئەسپێری بە ڕۆژی پاك

وەنەوزێ ناکەوێتە چاوەکانت ، ئەی پەری ڕەفتار

لەگەڵ چاوێکی پڕشنگدار ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل109 )

خەفەت لەم دەقەدا بێ کۆتایە، شاعیر یاردەدوێنێت و باسی خەم و کەسەری خۆی بۆدەکات ،خەم بە ئاشکرا کاریگەری کردۆتە سەر هەڵسوکەوتی شاعیر، شاعیر دەدوێت و بێ ئارام و پەشێوی خۆی لە دەقەکەدا روون دەکاتەوە پێی وایە خۆی ویار وەکو یەك هاوخەم و کۆست کەوتوون،

ئەی چەرخی بەد موعامەلە ، تاکەی خەتا ئەکەی!بەجۆرێك کاریگەری خستۆتە سەر کە خەوی شەوگاری نەهێشتووە و رۆژیش لەبەر خەم هەرخەریکی خەون .

ئەی چەرخی بەدموعامەلە تاکەی خەتا دەکەی

ئەم کوردە بێ کەسانە بە غەم ئاشنا ئەکەی !

دەغڵی وجوودی ئێمە هەتاکەی ئەکەی بە بە ئارد

خەرمانی عومری ئێمە هەتاکەی بە ( با ) ئەکەی !( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل146 )

**شاعیر لەگەڵ چەرخ و زەمانەدا گفتوگۆدەکات ، گلەیی ئەوەدەکات کە ئەم هەمووخەمەی کەهەیەتی و بەسەر میللەتەکەی دا هاتووە بەرجەستەی بێ بەدکرداری ئەوە، شاعیر بەدبەختی میللەتەکە و خەم و ناسۆری ئەو دەخاتە ئەستۆی زەمانە .**

**غەمی زەمانە وەکو پردە ، وا دڵی پۆشیم**

**بە غەیری غوصصە وگریان و غەم ، نەما خۆشیم**

**لە ئیبتیدای مناڵیمەوە ، هەتا ئێستە**

**فیراقی زەهری زەمانە ، قەڵەم قەڵەم نۆشیم ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل183 )**

**لێرەشدا رەهەندی دەرونی خەم کاریگەریی راستەوخۆی کردوەتە سەر هەڵسوکەوتی شاعیر ، شاعیر ئەوە روندەکاتەوە هێندە خەمبارە ،لەخەم و ناخۆشی و ناسۆر زیاتر هیچی تری نەهاتوەتە رێ .**

**5- ترس**

**لەگەڵ بوونی مرۆڤ ، ترس وەکو جۆرە هەڵچونێکی دەروونی رۆبەرووی مرۆڤ بووتەوە. ترسی مرۆڤیش لە دیاردە سرۆشتیەکان و گیانلەبەرانی دیکەوە بووە، هەروەها ترس لە کەسیکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە هەر وەك چۆن هۆکار و جۆرەکانی جیاوازە. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ترس ((ئامادە باشییەکی بۆماوەیی هەیە و بەشێکە لە سرۆشتی مرۆڤایەتی، بەلام ئەو ئامادە باشییە بە تەنها نابێتە مایی ترس، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێك فاکتەر و بارودۆخی تاییەتی لەناو کۆمەڵ هەبن بۆ ئەوەی ترس لای مرۆڤ دروست ببێت ))[40].**

**خۆشە دەرخەن هەر وەکو ئاوێنە عەییت رووبەڕوو**

**نەك لە پشتی سەرتەوە وەك شانە دەربێنن زبان ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل324 )**

**شاعیر ترس سەرتاپای دەروونی داگیرکردووە، بەجۆرێك کاریگەریی کردۆتە سەر کۆی ژیانی شاعیر ترسی لەوجۆرەکەسانە هەیە کەڕووبەڕووقسەیەك دەکەن و لە پاش ملە قسەیەکی تر دەکەن .**

**خودایا گەر بە دڵما تێپەڕیێ هەر خەیالاتی**

**لە عەزرەت ئێشی سەخت و کلپەی دڵمە وا پەشێواوم**

**بە لوتفی خۆت مەگەر بڕوانی یە کرداری ناڕێکم**

**لە سجلی نائومێدی بیسڕی تۆ ، کردەوەو ناوم ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل327 )**

شاعیر ترسی لەداهاتوی خۆی هەیە، داهاتوویەك كە هەتاهەتایی و نەبڕاوەیە،شاعیر ترسی لە كردەوەكانی خۆی هەیە و پۆزش بۆ كردەوە خراپەكانی خۆی دەهێنێتەوە، چونكە ترسی لە ژیانی داهاتوو واتا ژیانی دووەم هەیە،كە پەروەردگار سزای بدات.

ئەی رۆح ! ناخۆشی و خۆشی زەمانە

لەگەڵ یەك وەك یەك چێشتمان ئازانە

جیا بوونەوەی تۆم زۆر لا گرانە

لە دووای خۆت ئاهو فرمێسك و حەسرەت

بە جێ هێشتنی لای تۆ هەرزانە (دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح ل68)

شاعیر ئەمجارە ترسی لە مردن هەیە، ترسی لە روح كێشانی خۆی هەیە، ترسی لەوڕۆژگارە هەیە كە رۆح لەجەستەی جیادەبێتەوە ،ئەمیش بارێكی دەرونی خراپی لای شاعیر دروست كردووە

6- نەرگسیەت:

نەرگسیەت بە مانای خوود پەسەندی دێت،ئەمەش نەزعەیەكی ئینسانیە مرۆڤ حەز دەكات كە بالا بێت، پێی خۆشە سەرنجی چوار دەوری لەسەربێت و باسبكرێت، بەڵام لە ئەدەبیات و لای شاعیران،رەهەندێكی دیكەو بە ئاقارێكی تردا دەروات،ئەویش خود دواندن و پاڵەوانی بەسەرهات و چیرۆكەكان هەر خۆیەتی،(نەرگسەت زاراوەیەكی یۆنانی كۆنەو لە وشەی (narciss)ە، وەرگیراوەو سەرچاوەكەی ئەفسانەیەكی یۆنانی كۆنە(نارسیس)ناوی گۆرێكی ئەفسووناوی جوانە،وەك لە ئەفسانەكەدا هاتووە،(جارێكیان نارسیس لەناو ئاودا وێنەی دەم و چاوی خۆی دەبینێت زۆر پێ ی سەرسام و دڵخۆش دەبێت و ماوەیەكی زۆر لە وێنەی ناو ئاوەكە دەروانێت و بیری لێ دەكاتەوە،دواتر بەمەبەستی دەستكرنە ملی وێنەی ناو ئاوەكە خۆی فرێداوەتە ناو ئاوەكەو لە ئەنجامدا دەخنكێ و لە شوێنی خنكاندنەكە گوڵێك دەردێت و ناوی ئەو هەڵدەگرێت))[41].

لە من فیدایی تری لێرەدا نیە ئەمڕۆ

بە غەیری غونچە كە رەفعی حیجابی هەستی ئەكا(دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح ل208)

شاعیر دەگاتە ئەوپەڕی پلەی نەرگسییەت و خۆی بەراورد دەكات بە خەڵكی تر ، كەلەهەناوی خۆشی و شادی وەرزی بەهاردا، ئەو واتا شاعیر پێشڕەوی عاشقانی بەهارە .

بەرەو شاری ژیان ، شوێن كاروانی خەڵقی دێ كەوتم

كەرێ كەوتم ، ملی رێم گرت و ئازانە بەرێ كەوتم (دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح ل234)

لێرەشدا شاعیر خۆی لە خەڵکی تر قێ لە پێشترەوە خۆی بە سەرقافڵەی مرۆڤایەتی دەزانی و بەرەو هەورازی ژیان سەردەکەوێت و خۆی بەرامبەر دەزانێت.

7- مەرگ

یەکێکە لەو حاڵەتە دەروونیانە کە رووبەڕووی هەموو دەبێتەوە . بۆیە بەردەوام لە بارێکی دەروونی خراپدا دەیهێڵێتەوە، شاعیران لە ئەنجامی مردنی ئازیزانیان وەك ( کوڕ ، کچ ، برا ، دایك ، باوك ... هتد ) . توشی خەم و کەسەر دەبێتەوە و لە بەرهەمەکانیان رەنگدەداتەوە .

شیوەنی شێخ عەزیزی برای

لە فوارەی دڵ لە بەرچی خوێنی گەش نەڕژێتە سەرچاوم

لە بەرچی سوور نەبێ داوێنی بەدبەختیی بە خوێناوم

کەمن زانیم ئیتر مەرهەم نیە بۆ جەرگی سووتاوم

ئەناڵێنم لە دووری تۆ ، ئەڵێم شەرتە هەتا ماوم ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل119 )

شاعیر لێرەدا بەبارێکی دەروونی ناهاوسەنگدا تێ دەپەڕێت لە پڕ مەرگی شێخ عەزیزی برای دەبینێت و ئاگری شاراوەو پەنگخواردووی ناخی دوا بە دوای یەك دەتەقێنەوەو هیچ هیوایەکی لە دوای مەرگی شێخ عەزیزی برای بە ژیان نامێنێت . بۆیە لێرە هەست بە پەیوەندی نێوان ماناو هەستی راستەقینەی شاعیر دەکەین .

بەشیوەن بۆ پڕژا ، بۆ چی زبانی لاڵ و گیراوم ؟

بە فرمێسکی جەفا هەڵهاتووە برژانگەکەی چاوم ؟

ئەبێ بۆ هەر بەشی من ناڵە و گریان وماتەم بێ..؟

لە بەر چی دا ئیما هەر مەستی غەم ، سەر خۆشی زوخاوم ؟

برا لە کۆچی ناکامیت و جێگای بێ سەرو شوێنت

بە جارێ تانەیی لێلاّیی ، هێنایە سەرچاوم

نەمامی عەیشەکەم نێژرا ، خەفەت گۆپکە و چرۆی دەرکرد

رەگ و تەرزی کەدەر ئالاّیە گیانی هەڵکروزاوم ( دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح ل127 )

لێرەشدا بە هەمان شێوە شاعیر بە بارێکی دەروونی سەختدا تێ دەپەڕێ ئەمیش لە ئەنجامی لە دەستدانی ئازیزانیدا . بۆیە مەرگ رۆڵێکی گرنگ لە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیردا دەبینێت .

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە .

1ـ ئەو بارودۆخە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەی کە شاعیر تێدا گەورە بووە. زۆرترین کاریگەری لە سەر ژیان و دەروونی شاعیر و شیعرەکانی بە جێهێشتووە.

2ـ گەشبینی و ڕەشبینی وەك دوو حاڵەتی دەروونی بە زۆری لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت لە قۆناغە جیا جیانی ژیانی شاعیر. گەشبینە بەئایندەی گەل و نیشتیمان و ڕەشبینیشە لە ئە نجامی لە دەستدانی ئازیزان و ئەو بارودۆخەی ئەو کاتەی وڵات .

3ـ چەند هۆکارێك وای کردووە کە نامۆیی لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت وەك نامۆیی ئایینی بە زۆری بوونی هەیە لە نێو دەقەکانی شاعیردا.

4ـ نەرگسیەت وەك ڕەهەندێکی دەروونی لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە. ئەمەش لە ئە نجامی خستنەڕووی توانای عەقڵی خۆی و شانازیکردنی بە خودی خۆیەوە.

5ـ مەرگ لە لای شاعیر کێشەیەکی گەورەیە و لە شیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش لە ئە نجامی لە دەستدانی ئازیزانی و بە تایبەتی شێخ عەزیز و شێخ برایمی برایەوە بووە .

**پەراوێز:**

( 1 ) پێشڕەو عەبدوڵڵا ، دەروونشیکاری شیعر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، 2013،ل9.

( 2 ) کەریم شەریف قەرەچەتانی ، دەروانەی دەروونزانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، 1996،ل1.

( 3 ) د. عبدالستار تاهر شەریف ،دەروونناسی گشتی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاربخا،کەرکوك، 2006،ل11.

( 4 ) سەرچاوەی پێشوو،ل15

( 5 )عزالدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونناسی گشتی ،چاپی 3، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەلات ، هەولێر،2012، ل19.

( 6 ) گۆستاڤ لۆیۆن ،سایکۆلۆژیای جەماوەر ،وەرگێڕانی . سەلاح سەعدی ، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر ،2017،ل51.

( 7 ) د.شكر عزيزالماضي ،تيۆری ئەدەب،وەرگێڕانید. سەردار ئەحمەد گەردی ، چاپی 1 ، چاپخانەی ماردین، هەولێر ، 2010،ل169 .

( 8 ) بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئەلەکترۆنی . لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

http://ultradl.ir/d/-tag/128488

( 9 ) د.ئیبراهیم مەحموود خەلیل ،ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی ، وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد . چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2017 ، ل32 .

( 10 ) سەرچاوەی پێشوو ، ل 35.

( 11 ) سامان عیزالدین سەعدون ، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ، چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران ، 2015،ل44

( 12 ) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ،چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، 2011،ل115

( 13 ) د.ئیبراهیم مەحموود خەلیل ، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ ، وەرگێڕانی: پ.ی.د. محەمەد تاتانی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، 2017، ل78 .

( 14 ) ڕێبوار محەمەد مەلازادە ، نالی وسایکۆلۆژیای شیعر ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، 2016 ، ل211 .

( 15 ) د. هاوژین صلیوە عیسا ، ڕەهەند دەروونی لە شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت )دا ، چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر، 2013 ، ل40 .

( 16 ) مستەفا پەژار ، بەرەو سایکۆلۆژیا ، گۆڤاری کاروان ، ژمارەی 36 ،ساڵی 1985 ، ل76 .

( 17 ) سەرچاوەی پێشوو ، ل77 .

( 18 ) عزەدین احمد عزیز ، بنەماکانی دەروونزانی گشتی ، ل23 .

( 19 ) مستەفا پەژار ، بەرەو سایکۆلۆژیا ، ل105.

( 20 ) د. بەسام قطوس،دەروازەیەك بۆ میتودەكانی رەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی د.محمد تاتانی، چاپی1 ،چاپخانەی شڤان،سلێمانی، ل62

( 21 ) د.شكر عزیزالماضی،تیۆری ئەدەب. ، وەرگێڕانی :د. سەردار ئەحمەد گەردی ، ، ل169.

(( 24 ) د. بەسام قطوس ، دەروازەیەك بۆ میتودەكانی رەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی . د. محمد تاتانی ، ل71

22 ) د.عادل گەرمیانی، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی من و ڤالە و سەگەکانی بافلۆف دا، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، 2006، ل17 .

( 23 )د.عادل گەرمیانی ، پەیوەندی رەخنەی ئەدەبی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی ، گۆڤاری ڕامان ،ژمارە97،ل64

( 24 ) د. بەسام قطوس ، دەروازەیەك بۆ میتودەکانی رەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی . د. محمد تاتانی ،ل71

( 25 ) پێشڕەو عەبدوڵلا، شیعرەکانی بەختیار عەلی لە ڕەوانگەی دەروونشیکاریەوە، نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر،2011،ل8

( 26 ) د.شکر عزیزالماضی ، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی .د. سەردار ئەحمەد گەردی ، ، ل150.

( 27 ) د. هاوژین صلیوە عیسا ، ڕەهەند دەروونی لە شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت )دا ،ل44.

( 28 ) سەرچاوەی پێشوو ، ل45 .

( 29 ) د. هیمداد حسێن ، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی ، چاپی 2، چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،2004،ل660.

( 30 ) د. هاوژین صلیوە عیسا ، ڕەهەند دەروونی لە شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت )دا ،ل51.

( 31 ) سەرچاوەی پێشوو ،ل53

( 32 ) د. عبدالعزیز عقیق ،فی النقد الادبي ، طبعة 2، بیروت ، 1973، ص62.

( 33 ) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای گشتی ، چاپی 2، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2007، ل312

( 34 )سامان عیزەدین سعدون،دەقە شعریەکانی گۆران لە روانگەی دەرەەنناسیەوە ،ل302.

( 35 )د.هاوژین صلیوە،رەهەندی دەروونی لەشعرەکانی ( لەتیف هەڵمەتدا ) ،ل111.

( 36 ) شنۆ احمد غفور،بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەکانی صابریدا،نامەی ماستەر،زانکۆی صلاح الدین،هەولێر،کۆلێژی زمان،2015،ل29..

( 37 ) سەرکەوت سەعدی قادر،نامۆیی لەڕۆمانەکانی صەلاح عومەردا،نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین،2006 ، ل47

**( 38 ) تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح ، دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا، نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەدین ، 2001، ل42.**

**( 39 ) سەرچاوەی پێشوو، ل44.**

**( 40 ) د.کەریم شریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای منداڵ ، بەشی سێیەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 2004 ، ل 70 .**

**( 41 )د.کەریم شریف قەرەچەتانی،نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان،چاپخانەی پەیوەند،سلیمانی،چاپی دووەم،2010،ل182.**

**لیستی سەرچاوەکان**

**- کتێبی کوردی:**

**( 1 ) ئیبراهیم مەحموود خەلیل( د )، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، وەرگێڕانی: پ.ی.د. محەمەد تاتانی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ ، 2017.**

**( 2 ) ئیبراهیم مەحموود خەلیل ( د )،ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی ، وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد . چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2017.**

**( 3 ) بەسام قطوس( د )، دەروازەیەك بۆ میتودەکانی رەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی . د. محمد تاتانی ، چاپی 1، چاپخانەی شڤان،سلێمانی..**

**( 4 ) پێشڕەو عەبدوڵڵا ، دەروونشیکاری شیعر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، 2013.**

**( 5 ) ڕێبوار محەمەد مەلازادە ، نالی وسایکۆلۆژیای شیعر ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، 2016 .**

**( 6 ) سامان عیزالدین سەعدون ، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕۆانگەی دەروونناسیەوە ، چاپی یەکەم ، چاپحانەی تاران،2015.**

**( 7 ) شكر عزيزالماضي ( د )، .تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی:د. سەردار ئەحمەد گەردی ، ، چاپی 1، چاپخانەی ماردین، هەولێر ،2010.**

**( 8 ) عادل گەرمیانی( د )، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی من و قالە و سەگەکانی بافلۆف دا، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، 2006.**

**( 9 ) عبدالستار تاهر شەریف( د )،دەروونناسی گشتی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاربخا،کەرکوك،2006.**

( 10 )عزالدين احمد عزيز، بنەماكانی دەروونناسی گشتی ،چاپی 3، دەزگای چاپ و بلاّوكردنەوەی رۆژلاّت ، هەولێر،2012.

( 11 ) كەریم شەریف قەرەچەتانی( د ) ، دەروانەی دەروونزانی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی زانكۆ، هەولێر، 1996.

( 12 ) كەریم شریف قەرەچەتانی( د )، سایكۆلۆژیای منداڵ ، بەشی سێیەم ، چاپخانەی زانكۆی سەلاّحەدین ، هەولێر ، 2004 .

( 13 ) كەریم شەریف قەرەچەتانی( د ) ، سایكۆلۆژیای گشتی ، چاپی 2، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2007.

( 14 ) كەریم شریف قەرەچەتانی( د )،نەخۆشی و گرفتە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان،چاپخانەی پەیوەند،سلیمانی،چاپی دووەم،2010.

( 15 ) گۆستاڤ لۆیۆن ،سایكۆلۆژیای جەماوەر ،وەرگێڕانی . سەلاّح سەعدی ، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر ،2017.

( 16 ) هاوژین صلیوە عیسا( د ) ، ڕەهەند دەروونی لە شیعرەكانی ( لەتیف هەڵمەت )دا ، چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر،2013 .

( 17 ) هیمداد حسێن (د)، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی كوردی ، چاپی 2، چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،2004.

ـ فەرهەنگ:

( 1 ) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ،چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ،2011.

ـ نامەی ئەكادیمی:

( 1 ) تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح ، دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا، نامەی ماستەر ،زانكۆی سەلاّحەدین ، 2001.( 2 )پێشڕەو عەبدوڵلا، شیعرەكانی بەختیار عەلی لە ڕەوانگەی دەروونشیكاریەوە، نامەی ماستەر ،زانكۆی سەلاّحەدین ،هەولێر،2011.

( 3 ) سەركەوت سەعدی قادر ، نامۆیی لە ڕۆمانەكانی صەلاّح عومەردا ، نامەی ماستەر ، كۆلێژی پەروەردە ، زانكۆی سەلاّحەدین ،2006 .

( 4 ) شنۆ احمد غفور،بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەكانی صابریدا،نامەی ماستەر،زانكۆی صلاح الدین،هەولێر،كۆلێژی زمان،2015.

ـ گۆڤار:

( 1 ) گۆڤاری ڕامان ،ژماره97.

( 2 ) گۆڤاری كاروان ، ژمارەی 36..

ـ سەرچاوە عەرەبییەكان:

( 1 ) د. عبدالعزيز عقيق ،فی النقد الادبي ، طبعة 2، بيروت ، 1973.

ـ پێگەی ئەلكترونی:

( 1 ) بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئەلەكترۆنی . لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی.

http://ultradl.ir/d/-tag/128488